پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی مردنی نەجاشی ئاشکرا کرد لەو ڕۆژەی کە تێیدا مرد، بەرەو موسەڵا دەرچوو، وڕیزەکانی ڕێکخست، وچوار جار تەکبیرەی کرد

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی مردنی نەجاشی ئاشکرا کرد لەو ڕۆژەی کە تێیدا مرد، بەرەو موسەڵا* دەرچوو، وڕیزەکانی ڕێکخست، وچوار جار تەکبیرەی** کرد». *(شوێنێکە بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن ونوێژە بارانە ئەنجامدەدرێت لە خاکێکی چۆڵدا لە دەرەوەی مزگەوتەکان-)، **(واتە: ووتی -الله أكبر)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

نەجاشی پاشای حەبەشە فەزڵی بەخشندە بوونی هەیە بەرامبەر ئەو هاوەڵانەی کۆچیان کرد بەرەو مەدینە، کە میوانداریانی کرد لەکاتێکدا قوڕەیش لە دژیان وەستانەوە، و بەهۆی نیەت چاکی وشوێنکەوتنی هەق ودووربوونی لە خۆبەگەورەزانینەوە؛ مسوڵمان بوو، ولە خاکەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد، وپێغەمبەری نەبینی -صلى الله عليه وسلم-، بەهۆی چاکەکاری بەرامبەر مسوڵمانان وبەرزی پلەی وبەهۆی ئەوەی لە خاکێک بوو کە نوێژی لەسەر نەکرا؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی بە هاوەڵان دا سەبارەت بە بە ڕۆژی مردنی، وهاوەڵانی برد بەرەو موسەڵا* ؛ ئەمیش وەکو بە گەورەدانانی پلەی نەجاشی، ودەرخستنی فەزڵی ومسوڵمان بوونی، وهەروەها وەکو پاداشتێک بەرامبەر چاکەکاری دەرهەق بە ئەو هاوەڵانەی کۆچیان کرد بەرەو حەبەشە، و بۆئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە هاوەڵان کۆببنەوە ونوێژی لەسەر بکەن، بۆیە ڕیزەکانیانی ڕێکخست وچوار جار تەکبیرەی** کرد؛ ئەمیش وەکو شەفاعەتێک بۆی لە لای خوای گەورە -سبحانە وتعالى-. *(شوێنێکە بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن ونوێژە بارانە ئەنجامدەدرێت لە خاکێکی چۆڵدا لە دەرەوەی مزگەوتەکان-)، **(واتە: ووتی -الله أكبر)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5396